مجلة جامعة كركوك للدراسات الإنسانية
Kirkuk University Journal: Humanity Studies
ISSN P:1992-1179 ISSN E:3107-3360
https://kujhs.uokirkuk.edu.iq/
Volume 21, Issue 2, June 2026
المجلد (٢١) ، العدد (٢) ، حزيران ٢٠٢٦

# Grammatical Gender in the Central and Northern Kurdish Dialects: An Analysis within the Framework of Distributed Morphology (DM)

Asst. Prof. Dr. Azad Amin Faraj
University of Kirkuk – College of Education for Humanities
Department of Kurdish Language
dr.azad@uokirkuk.edu.iq

معلومات البحث
تاريخ الاستلام
25 /04/2026
تاريخ التعديل
12/05/2026
تاريخ القبول
25/05/2026
تاريخ النشر
15/6/2026
نوع البحث
بحث اصيل
Doi:10.32894/1992-1179.2026.171100.1388
IRAQI Academic Scientific Journals
https://iasj.rdd.edu.iq
باغوان, ازاد امين فرج. (٢٠٢٦). الجنس القواعدي في اللهجتين الكرديتين الوسطى والشمالية: دراسة في ضوء المورفولوجيا الموزعة (DM).. مجلة جامعة كركوك للدراسات الإنسانية, (المجلد ٢١ العدد ٢) ,حزيران, doi: 10.32894/1992-1179.2026.171100.1388

***Abstract:***

This research presents a comparative linguistic study of the phenomenon of "Grammatical Gender" in the Kurdish language, aiming to analyze the morphological and syntactic variations between the Central Kurdish and Northern Kurdish dialects. The study adopts the framework of Distributed Morphology (DM) as a robust analytical tool to explain how gender features are generated and distributed within the overall linguistic structure. The research problem centers on the apparent contradiction in gender representation; while the Northern dialect maintains distinct gender markers in nouns, pronouns, and the Ezafe construction, the Central dialect shows a tendency toward erasing these markers in the phonological interface. This research refutes the claim of gender loss in Central Kurdish by confirming that the gender feature remains present in the underlying syntactic and mental structure, though it undergoes a process of "Morphological Impoverishment" that leads to "Syncretism" in inflectional suffixes.

The study employs a descriptive-analytical comparative method, where the analysis covers two primary levels: the syntactic level, which examines gender features as abstract elements in the underlying structure, and the morphological level, which analyzes the processes of Vocabulary Insertion in various contexts such as vocative cases, diminutives, and pronouns. The research has reached several fundamental conclusions, most notably that the differentiation between the two dialects is not a distinction in the core grammatical system, but rather in the final morphological representation of features. The persistence of gender markers in specific contexts, such as vocative and diminutive forms in the Central dialect, serves as physical evidence that the gender node has not vanished from the grammatical system. This suggests that linguistic evolution in this dialect follows the principle of linguistic economy, simplifying morphological markers without losing the semantic function of the grammatical rank ***Keywords:*** Methodology, Quran, Basics, Justice, Women, Orphans.

## الجنس القواعدي في اللهجتين الكرديتين الوسطى والشمالية: دراسة في ضوء المورفولوجيا الموزعة (DM)

ا.م.د. ازاد امين فرج
جامعة كركوك كلية التربية للعلوم الإنسانية قسم اللغة الكوردية

يقدم هذا البحث دراسة لسانية مقارنة لظاهرة ( الجنس القواعدي ) في اللغة الكردية، مستهدفاً تحليل التباينات المورفولوجية والسنتاكسية بين اللهجة الكردية الوسطى واللهجة الكردية الشمالية، وذلك من خلال تبني إطار نظرية المورفولوجيا الموزعة (DM) كأداة تحليلية رصينة لتفسير كيفية توليد وتوزيع سمات الجنس في البنية اللغوية الكلية. وتتمحور مشكلة البحث حول التناقض الظاهري في تمثيل الجنس ، فبينما تحافظ اللهجة الشمالية على علامات جنسية فارقة في الأسماء والضمائر والإضافة ، تظهر اللهجة الوسطى ميلاً نحو محو هذه العلامات في الواجهة الصويتية ، وهو ما يثبت البحث عدم دقته من خلال التأكيد على أن سمة الجنس لا تزال قائمة في البنية الذهنية والسنتاكسية للهجة الوسطى ، إلا أنها تخضع لعملية ( الإفقار المورفولوجي ) التي تؤدي إلى حالة ( التشاكل ) في اللواحق الإعرابية.

اعتمدت الدراسة على المنهج الوصفي التحليلي المقارن ، حيث شمل التحليل مستويين رئيسيين هما المستوى السنتاكسي الذي يدرس سمات الجنس كعناصر مجردة في البنية التحتية ، والمستوى المورفولوجي الذي يحلل عمليات إدراج المفردات في السياقات المختلفة ( كالنداء والتصغير والضمائر ) . وقد توصل البحث إلى نتائج جوهرية أبرزها أن التمايز بين اللهجتين ليس تمايزاً في النظام النحوي الأصلي، بل في التمثيل المورفولوجي النهائي للسمات، حيث يعد بقاء علامات الجنس في سياقات محددة كالنداء والتصغير في اللهجة الوسطى دليلاً ماديّاً على عدم تلاشي خانة الجنس من النظام القواعدي ، مما يشير إلى أن التطور اللغوي في هذه اللهجة يتبع مبدأ الاقتصاد اللغوي وتبسيط العلامات المورفولوجية دون فقدان الوظيفة الدلالية للرتبة الإعرابية.

**الكلمات المفتاحية:** المورفولوجيا الموزعة، الجنس القواعدي، اللهجة الكردية الوسطى، اللهجة الكردية الشمالية، الإفقار المورفولوجي، والسنتاكس.

## ڕەگەزی ڕێزمانی لە هەر دوو دیالێکتی ( ناوەڕاست و سەرووی ) زمانی کوردیدا: بەپێی مۆرفۆلۆژیای دابەشکراو (DM).

پ.ی.د. ازاد امين فرج
زانکۆی کەرکوك – کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان – بەشی زمانی کوردی

پوختەی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە خوێندنەوەیەکی زمانەوانیی بەراوردکارییە بۆ دیاردەی ڕەگەزی ڕێزمانی لە زمانی کوردیدا، کە ئامانج لێی شیکردنەوەی جیاوازییە مۆرفۆلۆژی و سینتاکسییەکانی نێوان هەردوو دیالێکتی کرمانجیی ناوەڕاست و کرمانجیی سەرووە بە پشتبەستن بە تیۆری مۆرفۆلۆژیای دابەشکراو (DM). کێشەی سەرەکیی توێژینەوەکە لە دەوری دژایەتییەکی ڕواڵەتی دەسووڕێتەوە؛ لە کاتێکدا دیالێکتی سەروو نیشانە مۆرفۆلۆژییەکانی ڕەگەز لە ناو، جێناو و پێکهاتەی ئیزافەدا دەپارێزێت، دیالێکتی ناوەڕاست مەیلی بەرەو سڕینەوەی ئەم نیشانانە نیشان دەدات لە ئاستی نواندنی دەنگیدا (PF). ئەم توێژینەوەیە بەڵگەی نەمانی ڕەگەز لە کرمانجیی ناوەڕاستدا ڕەت دەکاتەوە و دەسەلمێنێت کە

تایبەتمەندیی ڕەگەز وەک پێکهاتەیەکی ئەبستراکت لە بنیاتی ژێراوی هۆشەکیدا وەک خۆی ماوەتەوە، بەڵام تووشی پرۆسەی هەژارکردنی مۆرفۆلۆژی (Impoverishment) دەبێت کە دەبێتە هۆی هاوشێوەبوون (Syncretism) لە پاشگرە ڕێزمانییەکاندا.

توێژینەوەکە ڕێبازی وەسفی-شیکاریی بەراوردکاری پەیڕەوکردووە، کە تێیدا شیکارییەکە دوو ئاستی سەرەکی دەگرێتەوە: ئاستی سینتاکسی کە تایبەتمەندییەکانی ڕەگەز لە بنیاتی ژێرەوەدا دەکۆڵێتەوە، و ئاستی مۆرفۆلۆژی کە پرۆسەکانی تێهەڵکێشی درەنگوەختی یەکەکانی فەرهەنگی (Late Insertion) لە ژینگە جیاوازەکانی وەک دۆخی بانگکردن، بچووککردنەوە و جێناوەکاندا شیکار دەکات. گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئەوە دەردەخەن کە جیاوازیی نێوان ئەم دوو دیالێکتە نەک لە ناوۆکی سیستەمی ڕێزمانیی بنەڕەتیدا، بەڵکو تەنها لە نواندنی مۆرفۆلۆژیی کۆتایی تایبەتمەندییەکاندا بەرجەستە دەبێت. مانەوەی نیشانەکانی ڕەگەز لە هەندێک ژینگەی دیاریکراوی وەک دۆخی بانگکردن و بچووککردنەوە لە دیالێکتی ناوەڕاستدا، باشترین بەڵگەی ماددییە لەسەر پاراستنی خانەی ڕەگەز لە سیستەمی ڕێزمانەکەدا؛ ئەمەش نیشانی دەدات کە پەرەسەندنی زمانەوانی لەم دیالێکتەدا شوێن بنەمای ئابووریی زمان و سادەکردنەوەی نیشانە مۆرفۆلۆژییەکان دەکەوێت بەبێ ئەوەی ئەرکی واتایی پێگەی ڕێزمانییەکە لەدەست بدات.

- ڕێبازی توێژینەوە :

ئەم توێژینەوەیە ڕێبازی وەسفی-شیکاری (Descriptive-Analytical) پەیڕەو دەکات. لە لایەکەوە وەسفی داتاکانی ڕەگەز لە دیالێکتی ناوەڕاست و دیالێکتی سەروو دەکات، لە لایەکی تریشەوە بەپێی تیۆری مۆرفۆلۆژیای دابەشکراو (Distributed Morphology) شیکاریی زانستی بۆ پرۆسە مۆرفۆلۆژی و سینتاکسییەکان دەکات. هەروەها ڕێبازی بەراوردکاری (Comparative) بەکاردێت بۆ دەستنیشانکردنی خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانی نێوان هەردوو دیالێکتەکە.

- پرسیاری توێژینەوە (Research Questions)

پرسیاری توێژینەوە :

- ئایا جیاوازیی نێوان دیالێکتی ناوەڕاست و دیالێکتی سەروو لە ڕەگەزی ڕێزمانیدا جیاوازییەکی بنەڕەتییە یان تەنها لە ئاستی نواندنی دەنگیدایە؟

- چۆن تیۆری DM دەتوانێت دیاردەی ( هەژارکردن ) لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا و ( دیاریکردن ) لە ئاستی سینتاکسدا ڕوون بکاتەوە؟

- بۆچی لە دیالێکتی ناوەڕاستدا لە هەندێک دۆخی تایبەتدا هێشتا نیشانەی ڕەگەز دەردەکەوێت؟

- گرفتی توێژینەوە (Research Problem)

گرفتی سەرەکی لەوەدایە کە زۆربەی توێژینەوەکانی پێشوو دیالێکتی ناوەڕاستیان وەک دیالێکتێکی ( بێ ڕەگەز ) ناساندووە. ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت بیسەلمێنێت کە گرفتی دیالێکتی ناوەڕاست لە ( نەبوونی ڕەگەز )دا نییە، بەڵکو لە شێوازی کارکردنی مۆرفۆلۆژی و سینتاکسدایە کە لە ڕێگەی پرۆسەی هەژارکردنەوە نیشانەکان دادەپۆشێت .

- ئامانجی توێژینەوە (Research Objectives)

- پێشکەشکردنی شیکارییەکی مۆدێرن بۆ ڕەگەزی ڕێزمانی لە کوردیدا بەپێی نوێترین تیۆرییە زمانەوانییەکان.

- سەلماندنی ئەوەی کە دیالێکتی ناوەڕاست هێشتا لە ئاستی سینتاکسیدا تایبەتمەندیی ڕەگەزی پاراستووە.

- دەستنیشانکردنی ئەو یاسا مۆرفۆلۆژییانەی کە دەبنە هۆی هاوشێوەبوونی نیشانەکان لە دیالێکتی ناوەڕاستدا.

- کلیلی وشەیی : مۆرفۆلۆژیای دابەشکراو (Distributed Morphology) ، ڕەگەزی ڕێزمانی (Grammatical Gender) ، دیالێکتی ناوەڕاست و دیالێکتی سەروو ، هەژارکردنی مۆرفۆلۆژی (Impoverishment) ، سینتاکس (Syntax)

- ناوەڕۆکی توێژینەوە (Research Outline)

ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت:

بەشی یەکەم (لایەنی تیۆری): ناساندنی تیۆری DM و بنەماکانی ڕەگەز لە زمانە هیندۆ-ئێرانییەکاندا ، لەگەڵ ڕوونکردنەوەی پەیوەندی نێوان مۆرفۆلۆژی و سینتاکس لەم مۆدێلەدا.
بەشی دووەم (لایەنی پراکتیکی و بەراوردکارییە): شیکاریی ورد بۆ ڕەگەز لە (ناو، جێناو، دۆخی بانگکردن و بچووککردنەوە) لە هەردوو دیالێکتی ناوەڕاست و دیالێکتی سەروو، بە پشتبەستن بە داتای ئاخێوەرانی هەر دوو دیالێکت .

بەشی یەکەم: چوارچێوەی تیۆری بۆ مۆدێلی مۆرفۆلۆژیای دابەشکراو (DM)

١. پێشەکی :

زمانی کوردی وەک کایەییەکی زیندووی خێزانی زمانە هیندۆ-ئێرانییەکان ، بە درێژایی مێژوو گۆڕانکاریی مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی قووڵی بەخۆوە بینیوە. یەکێک لە دیارترین ئەو گۆڕانکارییانە پرسی ( ڕەگەزی ڕێزمانی )یە کە لە زمانە دێرینەکانی وەک ئاویستا و فارسی کۆندا خاوەنی سیستەمێکی ئاڵۆز و جێگیر بووە، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات و لە قۆناغی زمانە ناوەنجی و نوێیەکاندا، بەرەو سادەیی و گۆڕان هەنگاوی ناوە .لەم چوارچێوەیەدا دیالێکتەکانی زمانی کوردی (ناوەڕاست و سەروو ) دوو ئاراستەی جیاوازیان لە مامەڵەکردن لەگەڵ نیشانەکانی ڕەگەزدا گرتووەتە بەر . لە کاتێکدا دیالێکتی سەروو تا ڕادەیەکی بەرچاو پارێزگاری لە نیشانە مۆرفۆلۆژییەکانی ڕەگە .

١. دەروازەی توێژینەوە :

لەم توێژینەوەیەدا، بنەماکانی تیۆری مۆرفۆلۆژیای دابەشکراو ( Distributed Morphology - DM) وەک چوارچێوەیەکی زانستی بەکاردەهێنرێن بۆ تێگەیشتن لە دیاردەی ڕەگەز . بەپێی ئەم مۆدێلە ، مۆرفۆلۆژی بەشێکی سەربەخۆ نییە لە زمان ، بەڵکو ئەنجامی

کارلێکی نێوان سینتاکس و فۆنۆلۆژییە. لێرەوە جیاوازیی نێوان( ناوەڕاست و سەروو )ی زمانی کوردی لە پرسی ڕەگەزدا وەک پرۆسەی هەژارکردنی مۆرفۆلۆژی (Impoverishment) لێکدەدرێتەوە. لە کاتێکدا هەردوو دیالێکت لە ئاستی سینتاکسدا (بنیاتی ژێرەوە) خاوەنی تایبەتمەندیی ڕەگەزن ، بەڵام ( ناوەڕاست ) لە قۆناغی مۆرفۆلۆژیدا ئەم تایبەتمەندییانە دەسڕێتەوە ، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی لە کاتی جێگیرکردنی شێوازە دەنگییەکاندا (Vocabulary Insertion) تەنها یەک نیشانەی گشتگیر بۆ هەردوو ڕەگەزەکە بەکاربهێنرێت کە پێی دەگوترێت هاوشێوەبوونی مۆرفۆلۆژی (Syncretism). لە بەرانبەردا، دیالێکتی سەروو بەهۆی نەبوونی پرۆسەی هەژارکردنەوە ، ڕێگە دەدات تایبەتمەندییە ڕێزمانییەکان بە وردی لە ئاستی دەنگدا دەرکەون .

٣ - چەمکی ڕەگەز :

لە زمانەوانیی هاوچەرخدا ( ڕەگەز - Gender ) وەک یەکێک لە پۆلە ڕێزمانییە هەرە ئاڵۆزەکان سەیر دەکرێت. لە چوارچێوەی تیۆری مۆرفۆلۆژیای دابەشکراودا ( Distributed Morphology) ڕەگەز تەنها نیشانەیەکی دەنگی نییە ، بەڵکو تایبەتمەندییەکی ئەبستراکتە کە لە ئاستی سینتاکسدا دروست دەبێت (Halle & Marantz 1993: 112). ئەم تیۆرییە پێمان دەڵێت کە مۆرفۆلۆژی لە دوای سینتاکسەوە دێت ، واتە سەرەتا خانە ڕێزمانییەکان بڕیاریان لێ دەدرێت، ئینجا دەنگیان بۆ دابین دەکرێت.

- ڕەگەز وەک تایبەتمەندییەکی ( فای) ( phi - features ) :

لە تیۆری (DM)دا وشەکان لە یەکەی زۆر بچووکتر پێکدێن کە پێیان دەگوترێت ( مۆرفیمە ئەبستراکتەکان ) ئەم مۆرفیمانە کۆمەڵێک تایبەتمەندیی ڕێزمانییان هەڵگرتووە ،کە پێیان دەگوترێت تایبەتمەندییەکانی ( فایی )کە بریتین لە (کەس ، ژمارە ، ڕەگەز) .

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئایا تایبەتمەندییەکانی ( فای ) لە هەموو ( کەتەگۆرییەکاندا ) بە یەک شێوە ئامادەن ؟ پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە بەپێی ( Embick- :Noyer 2007 294) ئەم تایبەتمەندییانە بە پلەی یەکەم تایبەتن بە مۆرفیمە وەزیفییەکان ( Functional Morphemes). کاتێک باس لە دیالێکتی ناوەڕاست دەکەین، دەبینین کە ئەم تایبەتمەندییانە (بەتایبەت ڕەگەز) لە ئاستی سینتاکسدا بۆ کەتەگۆرییەکانی وەک جێناو و دیارخەر داوا دەکرێن . بەڵام پرۆسەی هەژارکردن (Impoverishment) تەنها لە کاتی نواندنی دەنگیدا (PF) کار دەکاتە سەر سڕینەوەی ئەو نیشانانە ، نەک ئەوەی کە تایبەتمەندییەکە لە بنەڕەتدا لەو کەتەگۆرییانەدا بوونی نەبووبێت.

ڕەگەز (Gender) لەم سیستەمەدا وەک ( گرێیەک - Node) لەناو پێکهاتەی سینتاکسیدا دەردەکەوێت. کاتێک ئاخێوەرێکی کورد (چ لە ناوەڕاست یان سەروو) ناوی (دایک) بەکاردێنێت مێشک مۆرفیمێکی مێینە [Fem+] لە خانەی ڕەگەزدا جێگیر دەکات. ئەم پرۆسەیە لە هەردوو دیالێکتەکەدا لە ئاستی سینتاکسدا وەک یەکە، چونکە بنەمای سینتاکسی زمانی کوردی یەکە (Fattah 2000: 56). جیاوازییەکە تەنها لەوەدایە کە ئایا ئەم خانە ئەبستراکتە لە کاتی (

نواندنی دەنگی )دا (Phonological Realization) دەنگێکی پێ دەدرێت یان وەک خانەیەکی ( سفر ) دەمێنێتەوە.

٤ - ڕەگەزی ڕێزمانی لە دیالێکتی سەروودا

لە دیالێکتی سەروودا ڕەگەزی ڕێزمانی وەک تایبەتمەندییەکی ئاشکرا و دیار مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. ئەمە بەو مانایەیە کە ڕەگەز لەم دیالێکتەدا تەنها وەک واتایەکی فەرهەنگی نامێنێتەوە ، بەڵکو وەک یەکەیەکی ڕێزمانیی کارا لە هەردوو ئاستی سینتاکس و مۆرفۆلۆژیدا ئامادەیی هەیە . ئەم دیالێکتە پارێزگارییەکی تەواوی لەو پێکهاتە مێژووییە کۆنە کردووە کە تێیدا ڕەگەز لە زۆربەی پەیوەندییە ڕێزمانییەکانی وەک ( گرێی خستنەسەر ، جێناوە جیاکان و نیشانەی بەرکاریدا بە ڕوونی ڕەنگ دەداتەوە (Kramer 2015: 42).

بەپێی تیۆری مۆرفۆلۆژیای دابەشکراو (DM)لە ئاستی سینتاکسدا خانەی ڕەگەز بە تایبەتمەندییە ئەبستراکتەکانی [+/- مێ] بارگاوی دەبێت و وەک فەرمانێکی ڕێزمانی ئاراستەی بەشی مۆرفۆلۆژی دەکرێت. لەبەر ئەوەی لە دیالێکتی سەروودا هیچ پرۆسەیەکی ( هەژارکردن ) یان سڕینەوە لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا ڕوونادات ، ئەم تایبەتمەندییە سینتاکسییانە بە پارێزراوی دەمێننەوە تا قۆناغی جێگیرکردنی دەنگی.

نموونەی هەرە بەرچاوی ئەم کارلێکە لە ( گرێی خستنەسەردا ) دەردەکەوێت کاتێک پرۆسەی جێگیرکردنی درەنگوەخت (Late Insertion) لە بەشی مۆرفۆلۆژیدا دەستپێدەکات مۆرفیمە دەنگییەکان بەپێی ئەو زانیارییە سینتاکسییانەی کە لە قۆناغی پێشووترەوە وەریانگرتووە کێبڕکێ دەکەن . لە ئەنجامدا نیشانەی خستنەسەر بۆ ناوی نێرینە دەبێتە دەنگی (-ێ) وەک (برا-یێ من) و بۆ ناوی مێینە دەبێتە دەنگی (-ا) وەک (خوشک-ا من) (Thackston 2006: 21). ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە لە دیالێکتی سەروودا مۆرفۆلۆژی ئەرکی وەرگێرانی وردی فەرمانە سینتاکسییەکان دەگرێتە ئەستۆ و ڕێگە دەدات تایبەتمەندییە ئەبستراکتەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە ئاستی دەنگدا بەرجەستە ببن.

٣.١. ڕەگەزی واتایی (Semantic Gender) لە دیالێکتی ناوەڕاستدا :

لە دیالێکتی ناوەڕاستدا ڕەگەزی ڕێزمانی لە ئاستی نواندنی دەنگدا (PF) وون دەبێت بەڵام لە ئاستی واتا و لۆژیکدا (LF) هێشتا وەک پێکهاتەیەکی ئەبستراکت ئامادەیی هەیە ،کە تیۆری مۆرفۆلۆژیای دابەشکراو (DM) ئەم دیاردەیە لە ڕێگەی پرۆسەی هەژارکردن (Impoverishment) ڕوون دەکاتەوە . بەپێی بنەماکانی ئەم تیۆرییە دیالێکتی ناوەڕاست لە قۆناغی مۆرفۆلۆژیدا خاوەنی یاسایەکی تایبەتە کە جیاکاریی نێوان ( نێر و مێ ) دەسڕێتەوە پێش ئەوەی مۆرفیمە دەنگییەکان جێگیر بکرێن (Halle 1997: 428) ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی حاڵەتی هاوشێوەبوون (Syncretism) واتە لە کاتێکدا کە لە ئاستی سینتاکسدا دوو خانەی جیاواز بۆ [نێر] و [مێ] هەیە بەڵام لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا هەردووکیان یەکدەخرێن و تەنها یەک نیشانەی گشتگیر (وەک -ی خستنەسەر) بۆ هەردوو ڕەگەزەکە جێگیر دەبێت ،کە ئەمەش ڕێگر دەبێت لەوەی کێبڕکێ لەنێوان مۆرفیمە دەنگییەکاندا ڕووبدات.

نەبوونی نیشانەی مۆرفۆلۆژی یان پاشگر لە دیالێکتی ناوەڕاستدا بەو مانایە نییە کە ( خانەی ڕەگەز ) لە مێشک یان لە سیستەمی سینتاکسدا سڕاوەتەوە بەڵکو وەک ڕەگەزی واتایی (Semantic Gender) دەمێنێتەوە (Corbett 1991: 33) کە تێیدا ئاخێوەری ئەم دیالێکتە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە دەنگییەی کە مۆرفۆلۆژی دروستی کردووە ، پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی مۆرفیمە سەربەخۆکان یان وشەی وەک (نێر، مێ، نێرینە، مێینە). ئەم ستراتیژییە دەیسەلمێنێت کە سینتاکس هێشتا داوای دیاریکردنی ڕەگەز دەکات . بەڵام لەبەر ئەوەی بەشی مۆرفۆلۆژی ناتوانێت نیشانەی پاشگر جێگیر بکات زمان ناچار دەبێت لە ڕێگەی کەرەستەی فەرهەنگییەوە ئەو خانە ئەبستراکتە پڕ بکاتەوە . ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە ڕەگەز لە دیالێکتی ناوەڕاستدا لە ڕووکەشێکی مۆرفۆلۆژییەوە گواستراوەتەوە بۆ قووڵایی سینتاکسی و واتایی.

لە وەڵامی ئەو ڕەخنەیەی کە نەبوونی نیشانەی مۆرفۆلۆژی وەک نیشانەی لەناوچوونی ڕەگەز دەبینێت، دەکرێت بگوترێت لە ڕوانگەی ( DM ) ـەوە، ئەمە تەنها گۆڕینی ستراتیژییە لە نواندنی دەنگیدا (PF) . بەو پێیەی کە ئاخێوەر هێشتا پێویستی بە جیاکردنەوەی ڕەگەز هەیە و پەنا بۆ کەرەستەی فەرهەنگی دەبات . ئەمە دەیسەلمێنێت کە ڕەگەز وەک تایبەتمەندییەکی ئەبستراکت (Abstract Feature) لە سینتاکسدا پارێزراوە و تەنها لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا تووشی هەژارکردن (Impoverishment) بووە نەک سڕینەوەی یەکجاری .

١. بنەماکانی مۆرفۆلۆژیای دابەشکراو (Distributed Morphology) :

تیۆری (DM) لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە کە مۆرفۆلۆژی بەشێکی سەربەخۆ نییە ، بەڵکو ئەنجامی کارلێکی نێوان سینتاکس و فۆنۆلۆژییە. یەکەم بنەمای ئەم تیۆرییە ، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە بابەتی ڕەگەزەوە هەیە لە دیالێکتەکانی کوردی بە شێوەیەکی گشتی ، بریتییە لە یەکسانیی سینتاکسی و بنیاتی ئەبستراکت.

١.٢. ئاستی یەکەم: یەکسانیی سینتاکسی (Syntactic Uniformity)

لە مۆدێلی (DM)دا، مێشکی مرۆڤ لە کاتی بەرهەمهێنانی زماندا، سەرەتا مامەڵە لەگەڵ "مۆرفیمە ئەبستراکتەکان" دەکات کە هیچ دەنگێکیان نییە. ئەم مۆرفیمانە لە قۆناغی سینتاکسدا وەک "خانەی ڕێزمانی" (Terminals) کۆدەکرێنەوە (Halle & Marantz 1994: 275). بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی کارکردنی ڕەگەز لە کوردیدا، پێویستە سەیری دوو پێکهاتەی سەرەکی بکەین لەم ئاستەدا:

١.٢.١. ڕەگی وشە ( {sqrt{Root) :

بەپێی بنەماکانی (DM) ڕەگی وشەکان لە بنەڕەتدا هیچ پۆلێکی ڕێزمانییان نییە (نە ناون، نە کردار). بۆ نموونە، ڕەگی ( ژن ) یان ( کوڕ ) لە ئاستی سینتاکسدا تەنها یەکەی واتایین (Harley 2014: 229). ئەوەی بەرپرسە لە گۆڕینی ئەم ڕەگە بۆ ( ناوێکی ڕەگەزدار ) لکاندنییەتی بە گرێیەکی ڕێزمانییەوە کە پێی دەگوترێت (Categorizer) و نیشانەی ڕەگەزی هەڵگرتووە.

١.٢.٢. لکاندنی ڕەگەز (Gender Attachment):

له هەردوو دیالێکتی ناوەڕاست و سەروودا ، مێشک پرۆسەی (Merge) ئەنجام دەدات. لەم قۆناغەدا ڕەگی وشەکە دەلکێنرێت بە گرێی (n) کە نیشانەی ( ناو )ە و ئەم گرێیەش تایبەتمەندیی ڕەگەزی [Gender] هەڵگرتووە (Acquaviva 2009: 14).

- لە دیالێکتی سەروودا : مێشک نیشانەی [+Fem] بۆ ( مێ ) دادەنێت.

- لە دیالێکتی ناوەڕاستدا : مێشک بە هەمان شێوە نیشانەی [+Fem] بۆ ( مێ ) دادەنێت.

بەمجۆرە بنەمای یەکسانیی سینتاکسی (Universal Base) دەردەکەوێت . واتە هیچ جیاوازییەک لە مێشکی ئاخێوەری دیالێکتی ناوەڕاست و دیالێکتی سەروودا نییە لە کاتی بەستنەوەی ( ڕەگ ) و ( ڕەگەز )دا. هەردووکیان لە ئاستی سینتاکسدا (ئەو شوێنەی کە پێی دەگوترێت ( بنیاتی ژێرەوە ) هەمان خانەی ڕەگەز دروست دەکەن (Siddiqi 2009: 64).

٣.٢.١. گریمانەی نەبوونی فەرهەنگ لە سینتاکسدا:

یەکێک لە بنەما هەرە گرنگەکانی (DM) کە لێرەدا دەبێت ئاماژەی پێ بکەین ئەوەیە کە لە کاتی ئەم بەستنەوەیەدا (بەستنەوەی ڕەگ و ڕەگەز) هێشتا هیچ دەنگێکی وەک ( -ا ، -ێ ) یان ( -ێ) ئامادە نییە. ئەمەش پێی دەگوترێت (Late Insertion). کەواتە جیاوازیی نێوان ( هەر دوو دیالێکت ) لەم قۆناغەدا ( سفرە ) چونکە جیاوازیی نێوان ئەم دوو دیالێکتە تەنها لە قۆناغەکانی دواتردا (مۆرفۆلۆژی و دەنگ) سەرهەڵدەدات . (Embick 2010: 12).

٢.٢. ئاستی دووەم: مۆرفۆلۆژی (پرۆسەی هەژارکردن و تێکەڵبوونی مۆرفیمەکان) :

دوای ئەوەی پێکهاتە ئەبستراکتەکان لە قۆناغی سینتاکسدا دادەڕێژرێن دەچنە ناو ئاستی مۆرفۆلۆژی (Morphological Level). لەم ئاستەدا کۆمەڵێک کردەی مۆرفۆلۆژی (Morphological Operations) ئەنجام دەدرێن کە دەبنە هۆی گۆڕینی تایبەتمەندییە ڕێزمانییەکان پێش ئەوەی مۆرفیمە دەنگییەکان (Vocabulary Items) بخرێنە ناو قاڵبەکانەوە. یەکێک لە گرنگترین بنەماکانی تیۆری (DM) کە لێرەدا جیاوازیی نێوان دیالێکتی ناوەڕاست و سەروو ڕوون دەکاتەوە پرۆسەی هەژارکردنە (Impoverishment).

بەپێی بنەماکانی ئەم تیۆرییە پرۆسەی هەژارکردن بریتییە لە سڕینەوەی یەکێک لە تایبەتمەندییە ڕێزمانییەکان (وەک ڕەگەز) لە ژینگەیەکی دیاریکراودا (Halle 1997: 428). لە دیالێکتی ناوەڕاستدا ، مۆرفۆلۆژی یاسایەکی گشتگیری هەیە کە تێیدا تایبەتمەندیی [+ - مێ] لە خانەی ڕەگەزدا دەسڕدرێتەوە . ئەمە بەو مانایە نییە کە ڕەگەز لە بنەڕەتدا نییە بەڵکو مۆرفۆلۆژیای دیالێکتی ناوەڕاست ( هەژار کراوە ) لە ئاستی نیشانەکانی ڕەگەزدا . ئەم سڕینەوەیە دەبێتە هۆی دروستبوونی حاڵەتی هاوشێوەبوون (Syncretism) کە تێیدا مۆرفیمە دەنگییەکان ناتوانن جیاکاری لەنێوان ( نێر و مێدا ) بکەن چونکە ئەو زانیارییەی کە پێویستیانە (تایبەتمەندیی ڕەگەز) پێشتر لەلایەن کردەی هەژارکردنەوە سڕاوەتەوە . (Bobaljik 2002: 54).

لە بەرانبەردا مۆرفۆلۆژیای ( دیالێکتی سەروو) بە مۆرفۆلۆژیایەکی دەوڵەمەند ( Rich Morphology) دادەنرێت. لەم دیالێکتەدا کردەی هەژارکردن بۆ تایبەتمەندیی ڕەگەز

ڕوونادات . کەواتە خانەی ڕەگەز وەک خۆی بە زانیارییەکانییەوە ([Masc+] یان [Fem+]) دەگاتە قۆناغی - جێگیرکردنی وشەکاری - (Vocabulary Insertion) . ئەمەیش ڕێگە خۆش دەکات بۆ ئەوەی مۆرفیمە دەنگییەکان بە شێوەیەکی جیاواز دەربکەون . بۆ نموونە لە کاتی دروستبوونی گرێی خستنەسەردا ( مۆرفۆلۆژیای دیالێکتی سەروو ) ڕێگە دەدات مۆرفیمی (-ێ) تەنها بۆ ئەو خانانە هەڵبژێردرێت کە تایبەتمەندیی نێریان تێدا ماوەتەوە و مۆرفیمی (-ا) بۆ خانە مێینەکان . (Kramer 2016: 102).

لێرەدا دەردەکەوێت کە جیاوازیی بنەڕەتی لەنێوان ( هەر دوو دیالێکتدا ) لە ( بوونی ڕەگەز )دا نییە ، بەڵکو لە ( مانەوەی ڕەگەز )دایە لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا . دیالێکتی ناوەڕاست بەهۆی پرۆسەی هەژارکردنەوە جیاکارییە دەنگییەکانی تێکەڵ کردووە (Underspecification) کە ئەمەش وادەکات تەنها یەک مۆرفیمی دەنگی وەک ( -ی) هەموو خانەکان پڕ بکاتەوە بەبێ گوێدانە ڕەگەز (Siddiqi 2009: 34). ئەم شیکردنەوەیە ئەوە دەسەلمێنێت ، کە دیالێکتی ناوەڕاست لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە سیستەمێکی سادەتر (Reduced System) بەکاردێنێت بەڵام دیالێکتی سەروو سیستەمێکی مۆرفۆلۆژیی تەواو (Full System) دەپارێزێت .

٢.٣. ئاستی سێیەم:

نواندنی دەنگی و کێبڕکێی جێگیرەکان (Late Insertion & Competition)

دوا قۆناغ لە تیۆری مۆرفۆلۆژیای دابەشکراودا قۆناغی جێگیرکردنی درەنگوەختە . لەم ئاستەدا ئەو مۆرفێمە ئەبستراکتانەی کە لە قۆناغی سینتاکسەوە هاتوون و لە قۆناغی مۆرفۆلۆژیدا پاڵێوراون بەرگێکی دەنگییان پێ دەدرێت کە پێی دەگوترێت دانەی جێگیر . بنەمای سەرەکی لەم قۆناغەدا بریتییە لە کێبڕکێ بەو مانایەی کە چەندین جێگیرەی جیاواز کێبڕکێ دەکەن بۆ پڕکردنەوەی یەک گرێی کۆتایی . لە ئەنجامدا ئەو جێگیرییە دەستنیشان دەکرێت کە زۆرترین گونجانی لەگەڵ تایبەتمەندییە سینتاکسییەکانی ناو گرێیەکەدا هەبێت ( Halle & Marantz 1993: 121).

لە دیالێکتی سەروودا، بەهۆی ئەوەی تایبەتمەندییەکانی ڕەگەز لە قۆناغی پێشوودا تووشی پرۆسەی هەژارکردن نەبوون، فەرهەنگی مێشک چەندین جێگیرەی جیاوازی تێدایە کە بۆ ڕەگەزی دیاریکراو تەرخان کراون. بۆ نموونە، یاساکانی جێگیرکردن بۆ پاشگری خستنەسەر لەم دیالێکتەدا بەم شێوەیەن:

١. شێوەی دەنگی( -ێ )بۆ ئەو گرێیە جێگیر دەبێت کە هەڵگری تایبەتمەندییەکانی [بار: خستنەسەر ، ڕەگەز : نێرینە] بێت.

١. شێوەی دەنگی( -ا ) بۆ ئەو گرێیە جێگیر دەبێت کە هەڵگری تایبەتمەندییەکانی [بار: خستنەسەر ، ڕەگەز: مێینە] بێت.

لێرەدا، جێگیرەی ( -ێ ) کێبڕکێکە دەباتەوە تەنها کاتێک کە گرێیە سینتاکسییەکە تایبەتمەندیی نێرینەی تێدا بێت. ئەم دیاردەیە لە زمانەوانیدا پێی دەگوترێت دیاریکردنی تەواو ، کە تێیدا مۆرفۆلۆژی وەک ئاستی نواندنی دەنگ و سینتاکس وەک ئاستی تایبەتمەندییە ئەبستراکتەکان بە

تەواوی هاوتای یەکن (Harley & Noyer 1999: 5). ئەم هاوتاییە دەیسەلمێنێت کە لە دیالێکتی سەروودا ڕەگەز وەک تایبەتمەندییەکی ئاشکرا دەمێنێتەوە و مۆرفۆلۆژی ئەرکی جیاکردنەوەی ڕەگەزەکان لە ئاستی دەنگدا دەگرێتە ئەستۆ.

بەڵام لە دیالێکتی ناوەڕاستدا ، دۆخەکە بە شێوەیەکی تر دەردەکەوێت. بەهۆی ئەوەی لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا تایبەتمەندیی ڕەگەز سڕاوەتەوە (Impoverishment) لە کاتی جێگیرکردندا مێشک تەنها یەک بژاردەی بۆ دەمێنێتەوە کە ئەویش پاشگری (-ی) یە. ئەم پاشگرە وەک جێگیرەیەکی گشتگیر (Default Item) کار دەکات . واتە جێگیرەیەکە بێگوێدانە ڕەگەز هەموو گرێکان پڕ دەکاتەوە (Siddiqi 2009: 15). لێرەدا دیاردەی هاوشێوەبوون (Syncretism) دەگاتە لوتکە ، چونکە جێگیرە دەنگییەکە ( کەمتر-دیاریکراوە ) (Underspecified) و زانیاریی ڕەگەزی تێدا نییە ، بۆیە بۆ هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ بە یەک شێوە دەردەکەوێت (Bobaljik 2012: 12).

ئەم شیکردنەوەیەی ئێمە ئەوە دەسەڵمێنێت ، کە جیاوازیی نێوان ئەم دوو دیالێکتە لە ئاستی نواندنی دەنگی (PF) دا ، ئەنجامی ئەو جیاوازییەیە کە لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا ڕوویداوە. لە کاتێکدا ( دیالێکتی سەروو ) سیستەمێکی فرە-جێگیرەیی بۆ ڕەگەز پەیڕەو دەکات . بەڵام دیالێکتی ناوەڕاست سیستەمێکی تەک-جێگیرەیی (Syncretic System) هەڵبژاردووە. ئەمەش وادەکات دیالێکتی ناوەڕاست لە ڕووی دەنگییەوە سادەتر بێت ، بەڵام لە ڕووی پێکهاتەی ناوەکییەوە هێشتا هەمان ئەو ئاڵۆزییە ڕێزمانییەی تێدایە کە لە دیالێکتی سەروودا دەردەکەوێت

**بەشی دووەم: شیکردنەوەی بەراوردکاری و پراکتیکی :**

٢.١. ڕەگەز لە ئاستی فەرهەنگیدا (Lexicalization of Gender)

لە دیالێکتی ناوەڕاستدا کاتێک پرۆسەی هەژارکردن (Impoverishment) لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا ڕوودەدات مۆرفیمە پاشگرەکان (Affixes) توانای جیاکاریی ڕەگەزییان نامێنێت. بەڵام چونکە تایبەتمەندیی ڕەگەز لە ئاستی سینتاکسدا وەک یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی فای (phi-features) هەر ماوە زمان ناچارە پەنا بباتە بەر ستراتیژییەکانی تر بۆ پڕکردنەوەی ئەو خانە ڕێزمانییە . یەکێک لەو ستراتیژییانە بریتییە لە ڕەگەزی فەرهەنگی.

لە نموونەکانی وەک (ماکەر، نێرەکەر) یان (مێینە، نێرینە) جیاکاریی ڕەگەز نەک لە ڕێگەی نیشانەیەکی ڕێزمانییەوە (پاشگر)، بەڵکو لە ڕێگەی لکاندنی ڕەگێکی سەربەخۆوە (Root√) ئەنجام دراوە. لە ڕوانگەی تیۆری ( DM )ەوە ئەمە بەمجۆرە شرۆڤە دەکرێت:

- گرێی کۆتایی (Terminal Node): لە سینتاکسدا خانەیەک هەیە کە داوای تایبەتمەندیی [+/- مێ] دەکات.

- جێگیرکردنی فەرهەنگی: لە دیالێکتی ناوەڕاستدا چونکە هیچ پاشگرێکی تایبەت بە ڕەگەز نییە تا لەو خانەیەدا جێگیر ببێت، مێشک ڕەگی وەک (ما) یان (مێ) هەڵدەبژێرێت و لەگەڵ ڕەگی سەرەکی (کەر) یان (کەو) تێکەڵی دەکات. ئەم پرۆسەیە لە لایەن ( Harley 2014: 251) وەک کارلێکی نێوان ڕەگەکان و گرێیە وەزیفییەکان لێکدراوەتەوە.

هەروەها سەبارەت بە نموونەکانی وەک (ماکەر، نێرەکەر) یان (نێرینە، مێینە)، ئەگەرچی لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە وەک وشەی لێکدراو دەردەکەون، بەڵام لە ڕوانگەی ( DM )ـەوە ئەمە وەک ستراتیژییەکی ( سینتاکسی ) دەبینرێت بۆ قەرەبووکردنەوەی کەمیی مۆرفیمە وەزیفییەکان. لێرەدا سینتاکس ڕەگێکی فەرهەنگی (√Root) بانگهێشت دەکات بۆ پڕکردنەوەی خانەی ڕەگەز. ئەم پرۆسەیە دەیسەلمێنێت کە لە دیالێکتی ناوەڕاستدا، جیاوازیی نێوان وشەسازی (مۆرفۆلۆژی) و ڕستەسازی (سینتاکس) کاڵ بووەتەوە و هەردووکیان لە ژێر یەک سیستەمی لۆژیکیدا کار دەکەن بۆ نواندنی ڕەگەز.

- پڕکردنەوەی بۆشایی مۆرفۆلۆژی: ئەم پرۆسەیە دەیسەلمێنێت کە دیالێکتی ناوەڕاست تەنها لە ڕووی ( پاشگر )ەوە هەژارە بەڵام لە ڕووی ( واتای سینتاکسی )یەوە هێشتا ڕەگەز وەک چەمکێکی کارا لە مێشکی ئاخێوەرەکەیدا ئامادەیە (Corbett 1991: 62).

لە بەرانبەردا ( دیالێکتی سەروو ) پێویستی بەم ستراتیژییە نییە بۆ ناوە ئاساییەکان چونکە نیشانە مۆرفۆلۆژییەکان خۆیان ئەرکی جیاکردنەوەی ڕەگەز دەگرنە ئەستۆ . بۆ نموونە کاتێک لە دیالێکتی سەروودا دەگوترێت (چێل - Cow) ڕەگەزەکە هەم لەناو خودی وشەکە و هەم لە نیشانە دەنگییەکانی وەک ئیزافەدا جێگیرە. بەڵام لە دیالێکتی ناوەڕاستدا دەبێت بگوترێت (مانگا) یان تەنها پشت بە واتای وشەکە ببەسترێت.

سەبارەت بەو وشانەی کە لە بنەڕەتدا بۆ ڕەگەزێکی دیاریکراو تەرخانکراون، وەک (ئەسپ و ماین)، ئەمانە لە ڕوانگەی DMـەوە وەک ڕەگی سەربەخۆ (Roots) مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت. بوونی ئەم وشانە تەنها جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ڕەگەز وەک ( مانایەکی فەرهەنگی ) لە مێشکدا ئامادەیە ، بەڵام نەبوونی توانای زمانەکە بۆ دروستکردنی فۆرمی مێینە لە (ئەسپ) لە ڕێگەی پاشگرەوە باشترین بەڵگەیە بۆ پرۆسەی هەژارکردنی مۆرفۆلۆژی لە دیالێکتی ناوەڕاستدا.

ئەم جیاوازییە ئەوە نیشان دەدات کە لە دیالێکتی ناوەڕاستدا نواندنی ڕەگەز لە مۆرفۆلۆژیاوە گوازراوەتەوە بۆ ناو فەرهەنگ (Lexicon). ئەمەش وادەکات ئاخێوەری دیالێکتی ناوەڕاست بۆ جەختکردنەوە لەسەر ڕەگەز وشەی سەربەخۆ یان ڕەگی جیاواز بەکاربهێنێت ، کە ئەمە لە تیۆری ( DM )دا بە جێگیرکردنی ڕەگەکان لە ناو گرێ وەزیفییەکاندا ( Root Insertion into Functional Nodes) ناوزەند دەکرێت (Siddiqi 2009: 88).

٢.٢. ڕەگەز لە ئاستی مۆرفۆلۆژی و سینتاکسدا (بەراوردی نیشانەی ئیزافە)

گرێی خستنەسەر لە زمانی کوردیدا وەک یەکەیەکی ڕێزمانی دەردەکەوێت کە ئەرکی بەستنەوەی ناو بە ناوێکی تر یان بە ئاوەڵناوێک دەگرێتە ئەستۆ . ئەم گرێیە لە ئاستی سینتاکسدا وەک گرێی دیارخەر (Determiner Phrase - DP) سەیر دەکرێت کە تایبەتمەندییەکانی ( فای ) (phi-features) تێدا جێگیر دەبێت.

٢.٢.١. نیشانەی خستنەسەر لە دیالێکتی سەروودا (نواندنی ڕاستەوخۆ) :

له دیالێکتی سەروودا سیستەمی جێگیرکردنی شێوازە دەنگییەکان ( Vocabulary Insertion) بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کار دەکات. کاتێک سینتاکس خانەی خستنەسەر دروست دەکات مۆرفۆلۆژی ڕێگە نادات تایبەتمەندیی ڕەگەز بسڕدرێتەوە . بۆیە لە کاتی جێگیرکردندا مێشک سەیری خانەی ڕەگەز دەکات:

- ئەگەر خانەکە تایبەتمەندیی [Fem+] ی تێدا بوو ( rightarrow ) شێوازی دەنگی (-ا) جێگیر دەکرێت : (کچا جوان).

- ئەگەر خانەکە تایبەتمەندیی [Masc+] ی تێدا بوو ( rightarrow ) شێوازی دەنگی (-ێ) جێگیر دەکرێت: (کوڕێ من ).

ئەم بۆچوونەی ئێمە ئەوە دەسەلمێنێت ،کە لە دیالێکتی سەروودا هیچ پرۆسەیەکی هەژارکردن (Impoverishment) ڕووی نەداوە و نیشانە دەنگییەکان بە تەواوی گوزارشت لە ( بنیاتی ژێرەوە - Deep Structure) دەکەن (Thackston 2006: 21).

٢.٢.٢. نیشانەی خستنەسەر لە دیالێکتی ناوەڕاستدا (هاوشێوەبوونی دەنگی) :

لە دیالێکتی ناوەڕاستدا هەرچەندە لە ئاستی سینتاکسدا (ناوەوە) هەمان جیاکاریی نێوان نێر و مێ بوونی هەیە ، بەڵام پێش ئەوەی بگەینە قۆناغی جێگیرکردنی دەنگی پرۆسەی هەژارکردن ڕوودەدات . ئەم پرۆسەیە تایبەتمەندیی [+/- مێ] لە خانەی خستنەسەردا دەسڕێتەوە ( Halle 1997: 428).

لێرەدا دەگەینە ئەوەی بڵێین کاتێک مێشک دەگاتە قۆناغی جێگیرکردن ، تەنها یەک شێوازی دەنگی (-ی) شک دەبات کە بۆ هەموو حاڵەتەکان گونجاوە. لێرەدا دەڵێین هاوشێوەبوون (Syncretism) ڕوویداوە. بۆیە دەوترێت ( کچی جوان) و (کوڕی جوان).

ئەم شیکردنەوەیەی ئێمە ئەوە دەردەخات ، کە جیاوازیی نێوان (کچا جوان) و (کچی جوان) جیاوازییەک نییە لە ( بیرکردنەوەی ڕێزمانی )دا بەڵکو جیاوازییە لە ( کات و شێوازی جێگیرکردنی دەنگەکان )دا. دیالێکتی ناوەڕاست لە ڕێگەی کەمکردنەوەی نیشانە دەنگییەکانەوە سیستەمی مۆرفۆلۆژییەکەی سادە کردووەتەوە . بەڵام لە ( ناوەوە ) هەمان ئەو ئەرکە ڕێزمانییە ڕادەپەڕێنێت کە دیالێکتی سەروو ڕایدەپەڕێنێت (Siddiqi 2009: 15).

٢.٣. ڕەگەز لە سیستەمی جێناوەکاندا (Pronomial System)

جێناوەکان لە زمانی کوردیدا گوزارشتێکی ڕاستەوخۆی تایبەتمەندییەکانی ( فای ) (phi-features) دەکەن . لە ئاستی سینتاکسدا جێناوەکان وەک گرێی D) (Determiner) سەیر دەکرێن کە زانیارییەکانی ( کەس و ڕەگەز ) هەڵدەگرن . لێرەدا جیاوازیی نێوان دیالێکتی ناوەڕاست و دیالێکتی سەروو لە ڕێگەی پرۆسەی جێگیرکردن (Insertion) و کێبڕکێی شێوازەکانەوە بەم شێوەیەی خوارەوە ڕوون دەبێتەوە:

٢.٣.٢. جێناوی کەسیی سێیەمی تاک لە دیالێکتی ناوەڕاستدا

لە دیالێکتی ناوەڕاستدا هەروەک لە بەشەکانی تری ڕێزماندا بینیمان پرۆسەی هەژارکردن (Impoverishment) کار دەکاتە سەر جێناوەکانیش . لەم قۆناغەدا هەرچەندە سینتاکس زانیاریی ڕەگەز دەدات بە مۆرفۆلۆژی بەڵام پێش گەیشتن بە قۆناغی جێگیرکردنی دەنگی تایبەتمەندیی [+/- مێ] لە خانەی جێناوەکاندا دەسڕێتەوە.

بۆیە دەگەینە ئەوەی کە ئاخێوەری دیالێکتی ناوەڕاست تەنها یەک شێوازی دەنگی (ئەو) لە فەرهەنگەکەیدا شک دەبات کە هیچ زانیارییەکی ڕەگەزیی تێدا نییە. ئەم شێوازەیە وەک شێوازی گشتگیر (Default Item) جێگیر دەبێت و بۆ هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ بەکاردێت . ئەم دیاردەیە لە مۆرفۆلۆژیای دابەشکراودا بە باشترین بەڵگە دادەنرێت بۆ ئەوەی کە هەژارکردنی مۆرفۆلۆژی چۆن دەبێتە هۆی ونبوونی نیشانە دەنگییەکان لە کاتێکدا واتا سینتاکسییەکە لە مێشکدا جێگیرە.

٢.٣.٣. جێناوە لکاوەکان و پرسی ڕەگەز (نیشانەی کەسی ) :

بەپێی داتاکان لە دیالێکتی ناوەڕاستدا جێناوە لکاوەکانیش وەک ( م ، ت ، ی) هیچ جیاکارییەکی ڕەگەزییان تێدا نییە. لە ڕوانگەی ( DM ) هوە ئەمە بەو مانایە دێت کە ( گرێی کۆتایی - Terminal Node) کە جێناوە لکاوەکەی تێدا جێگیر دەبێت تووشی هاوشێوەبوونی پێشوەختەبووە . ئەمە لە کاتێکدایە کە لە هەندێک زمانی تری هیندۆئەورووپاییدا، جێناوە لکاوەکان ڕەگەز نیشان دەدەن . دیالێکتی ناوەڕاست لێرەدا ستراتیژیی کەمترین تێچووی مۆرفۆلۆژی (Morphological Economy) بەکاردێنێت بۆ ئەوەی سیستەمی نیشانەکان سادە بکاتەوە (Siddiqi 2009: 105).

بۆیە دەتوانیین بڵێین جیاوازیی جێناوەکان لە نێوان ( هەر دوو دیالێکتدا ) تەنها جیاوازییەکی ( ڕوکارییە ) . چونکە هەردوو دیالێکت لە ئاستی لۆژیک و واتادا (LF) دەزانن کە ئاماژە بۆ ( نێر ) دەکەن یان ( مێ ) بەڵام دیالێکتی ناوەڕاست لە ڕێگەی پرۆسەی جێگیرکردنی یەک شێوازەوە ، ئەو جیاوازییە لە ئاستی دەنگدا دەشارێتەوە لە کاتێکدا دیالێکتی سەروو ڕێگە بە جیاوازییەکە دەدات دەربکەوێت.

٢.٤. ڕەگەز و مۆرفۆلۆژیای کردار (ڕێککەوتنی ڕەگەزی) :

لە زمانی کوردیدا، کردار وەک چەقی ڕستە کار دەکات و زانیارییە ڕێزمانییەکانی بکەر یان بەرکار وەردەگرێت. لە ئاستی سینتاکسدا کردار (v) لە ڕێگەی پرۆسەیەکەوە کە پێی دەگوترێت تێپەڕین (Probe-Goal Relationship)، تایبەتمەندییەکانی ( فای) ( phi ) لە بکەرەکەی وەردەگرێت. لێرەدا جیاوازیی نێوان هەر دوو دیالێکت لە چۆنیەتی ( نواندنی ) ئەم زانیارییانەدایە لەسەر جەستەی کردار.

٢.٤.١. ڕێککەوتنی ڕەگەز لە کرداردا (دیالێکتی سەروو) ؛

لە دیالێکتی سەرووودا کردار لە هەندێک کاتی ڕێزمانیی دیاریکراودا بۆ نموونە لە کاتی ڕابردووی بەردەوام (Past Continuous) ڕێککەوتنێکی مۆرفۆلۆژیی ئاشکرا لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی بکەردا نیشان دەدات. ئەمەش بەو مانایەیە کە پاشگرە کەسییەکانی سەر

کردارەکە بەپێی ڕەگەزی بکەر (نێر یان مێ) دەگۆڕێن . ئەم دیاردەیە لە ڕوانگەی سینتاکسییەوە بەوە لێکدەدرێتەوە کە گرێی کردار (v node) تایبەتمەندییەکانی ڕەگەز لە بکەرەوە وەردەگرێت و دەیگوازێتەوە بۆ ئاستی مۆرفۆلۆژی .

پرۆسەی جێگیرکردنی مۆرفیمەکان: بەپێی تیۆری ( مۆرفۆلۆژیای دابەشکراو ) لەبەر ئەوەی تایبەتمەندییەکانی ڕەگەز لەم دیالێکتەدا تووشی پرۆسەی هەژارکردن نابن خانە سینتاکسییەکان بە شێوەیەکی دیاریکراوی تەواو دەگەنە قۆناغی جێگیرکردنی دەنگی . ئەمەش وا دەکات فەرهەنگی مێشک دوو شێوەی جیاواز بۆ پاشگری کەسیی کردارەکە بخاتە کێبڕکێوە:

شێوازی یەکەم: نیشانەیەکی دەنگیی دیاریکراو جێگیر دەبێت ئەگەر گرێی کردار هەڵگری تایبەتمەندی (نێرینە) بێت ، بۆ نموەنە :

- ئەو یێ بێژە (Ew yê bêje) - ( بۆ نێر )واتە ئەو دەڵێت.

شێوازی دووەم: نیشانەیەکی دەنگیی جیاواز جێگیر دەبێت ئەگەر گرێی کردار هەڵگری تایبەتمەندی (مێینە) بێت ، بۆ نموونە :

- ئەو یا بێژە (Ew ya bêje) ، ( بۆ مێ ) ئەم جیاکارییە دەیسەلمێنێت کە ڕەگەز لە دیالێکتی سەروودا تەنها تایبەت نییە بە ناو یان جێناو بەڵکو وەک فەرمانێکی سینتاکسی دەگاتە ناو گرێی کردار و لەوێشدا وەک تایبەتمەندییەکی ئاشکرا (Overt Feature) لە ئاستی نواندنی دەنگدا بەرجەستە دەبێت . (Kramer 2015: 165). ئەمەش نیشانەی هێزی سیستەمی ڕێککەوتنە (Agreement) لە مۆرفۆلۆژیای ئەم دیالێکتەدا ، کە ڕێگری دەکات لە یەکگرتنی نیشانەکان و دروستبوونی هاوشێوەبوون.

٢.٤.٢. نەمانی نیشانەی ڕەگەز لە کرداری دیالێکتی ناوەڕاستدا :

لە دیالێکتی ناوەڕاستدا کردار بە هیچ شێوەیەک نیشانەی ڕەگەز وەرناگرێت. لە ڕوانگەی مۆرفۆلۆژیای دابەشکراوەوە (DM) ئەمە بەو مانایە دێت کە پرۆسەی هەژارکردن (Impoverishment) لەم دیالێکتەدا زۆر گشتگیرە ، بە جۆرێک کە نەک هەر لەسەر ئاستی ناو بەڵکو لەسەر ئاستی کرداریش هەموو تایبەتمەندییە ڕەگەزییەکان دەسڕێتەوە پێش ئەوەی بگەنە قۆناغی نواندنی دەنگی (PF).

هاوشێوەبوونی کردار (Syncretism):

بۆ نموونە کاتێک دەڵێین (ئەو هات) شێوەی کردارەکە بۆ هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ وەک یەکە. لێرەدا دەڵێین کردارەکە تووشی دیاریکردنی کەم (Underspecification) بووە . ئەمەش بەو مانایەیە کە شێوازە دەنگییەکانی کردار لە دیالێکتی ناوەڕاستدا تەنها بۆ تایبەتمەندییەکانی ( کەس و ژمارە )جێگیر دەبن و تایبەتمەندیی ڕەگەز پشتگوێ دەخەن .(Bobaljik 2008: 11)

لە ئەنجامی ئەم پرۆسەیەدا فەرهەنگی مێشک لەم دیالێکتەدا تەنها یەک شێوازی گشتگیر (Default Item) شک دەبات کە تەنها زانیاریی ( کەسی سێیەمی تاکی تێدایە ، بێ ئەوەی

هیچ ئاماژەیەکی تێدا بێت بۆ [+/- مێ] . ئەمەش ئەوە دەسەڵمێنێت کە سڕینەوەی ڕەگەز لە دیالێکتی ناوەڕاستدا تەنها دیاردەیەکی فەرهەنگی نییە ، بەڵکو گۆڕانکارییەکی بنەڕەتییە لە سیستەمی ڕێککەوتنی مۆرفۆلۆژیدا.

شایانی ئاماژە پێدانە سەرەڕای بوونی هەندێک کرداری وەک (ژنهێنان، شوکردن، منداڵبوون) کە لە ڕووی فەرهەنگی و واتاییەوە هەڵگری زانیاریی ڕەگەزین. بەڵام ئەمە ناچێتە چوارچێوەی ڕێککەوتنی مۆرفۆلۆژییەوە ، چونکە لە دیالێکتی ناوەڕاستدا پاشگری کردارەکان (Agr) بەبێ گوێدانە ناوەڕۆکی بکەرەکە، هەر بە شێوەیەکی گشتگیر (Default) دەردەکەون، ئەمەش جەخت لەسەر پرۆسەی هەژارکردنی ڕێزمانی دەکاتەوە لەم دیالێکتەدا.

٢.٤.٣. شیکردنەوەی ( ما و نێر ) وەک ستراتیژیی قەرەبووکردنەوە :
خاڵێکی جەوهەری لە شیکردنەوەی دیالێکتی ناوەڕاستدا ئەوەیە کە کاتێک پێویست دەکات ڕەگەزی بکەر یان بەرکار دیاری بکرێت زمان پەنا دەباتە بەر پێشگری فەرهەنگی ( Lexical Prefixing) . ئەم پرۆسەیە وەک ستراتیژییەک بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو هەژارییە مۆرفۆلۆژییە سەیر دەکرێت کە لە ئاستی کرداردا هەیە . بۆ نموونە لە ڕستەکانی وەک ( ماکەرەکە تۆپی ) یان (نێرەکەرەکە تۆپی) دەبینرێت کە کردارەکە وەک فۆرمێکی جێگیر و بێ لایەن ماوەتەوە بەڵام جیاکاریی ڕەگەز لە ڕێگەی فەرهەنگ و لکاندنی ڕەگە سەربەخۆکانەوە ئەنجام دراوە.
لێرەدا بەکارهێنانی ڕەگی (ما) و (نێر) پێش ناوەکان نەک تەنها وەک دیارخەرێکی فەرهەنگی بەڵکو وەک ئامرازێکی زمانەوانی کار دەکات بۆ گواستنەوەی ئەو زانیارییە ڕەگەزییانەی کە مۆرفۆلۆژیای کردار نەیتوانیوە بەرجەستەیان بکات. لێرەدا دەتوانیین بڵێین ، کە ڕەگەز لە ئاستی کرداردا لە دیالێکتی سەروودا وەک تایبەتمەندییەکی ڕێزمانیی ئاشکرا ( Overt Grammatical Feature) دەردەکەوێت ، بەڵام لە دیالێکتی ناوەڕاستدا وەک تایبەتمەندییەکی واتایی شاردراوە (Covert Semantic Feature) دەمێنێتەوە .
ئەم جیاوازییە جارێکی تر ئەو بنەمایەی تیۆری مۆرفۆلۆژیای دابەشکراو (DM) دەسەلمێنێت کە جیاوازیی نێوان دیالێکتەکان تەنها لە ئاستی نواندنی دەنگدایە (PF Interface) ، نەوەکو لە ئاستی پێکهاتەی سینتاکسی و نەخشەی ژێریی زمانەکەدا . بە واتایەکی تر مێشکی ئاخێوەری کوردی لە هەردوو دیالێکتەکەدا ڕەگەز وەک چەمکێکی ئەبستراکت دەناسێت بەڵام شێوازی دەربڕینی ئەو چەمکە لە نێوان ( نیشانەی مۆرفۆلۆژی ) و ( وشەی فەرهەنگی )دا دابەش دەکات

٢.٦. هاوشێوەبوونی ڕەگەز لە ژینگەی کۆدا (Gender Neutralization in Plural) :
سەبارەت بە پۆلێنکردنی ناو لە زمانی کوردیدا، کریم (٢٠١٨: ٣٥٥) ئاماژە بەوە دەدات کە ناوەکان لە ڕووی ڕەگەزەوە دابەش دەبن بەسەر چوار جۆری سەرەکیدا (نێر، مێ، دوولایەن، و بێلایەن). ئەم دابەشکارییە فەرهەنگییە بنەمایەکە بۆ پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان . بەڵام دیاردەیەکی مۆرفۆلۆژیی سەرنجڕاکێش لە دیالێکتی سەروودا ئەوەیە کە ئەم جیاوازییەی نێوان ڕەگەزی (نێر و مێ) تەنها لە باری (تاک)دا بەرجەستە دەبێت.
کاتێک ناوەکە دەچێتە باری (کۆ)، سیستەمی مۆرفۆلۆژیی زمانەکە تووشی جۆرێک لە هاوشێوەبوون (Syncretism) دەبێت . بەو واتایەی کە نیشانە جیاوازەکانی ڕەگەز وەک: (-

ێ بۆ نێر) و (-ا بۆ مێ) دەسڕێنەوە و یەک نیشانەی گشتگیر جێگەیان دەگرێتەوە. هەر وەک لە توێژینەوە ئەکادیمییەکاندا ئاماژەی پێدراوە (عەباس، ٢٠١٢: ٩٤)، لە کاتی (کۆ)دا تایبەتمەندیی ژمارە زاڵ دەبێت بەسەر تایبەتمەندیی ڕەگەزدا. ئەمەش وادەکات پاشگرە ئیزافەییەکان یەک فۆرمی گشتگیر وەربگرن کە لە دیالێکتی سەرووودا بە شێوەی (-ێن) یان ئەلۆمۆرفەکانی وەک (-ێت، -ێد) دەردەکەوێت. بۆ نموونە:

- لە باری تاکدا: (کوڕێ من) بۆ نێر، (کچا من) بۆ مێ.

- لە باری کۆدا: (کوڕێت من) و (کچێت من).

لێرەدا دەبینرێت کە جیاوازیی نێوان (کوڕ) و (کچ) لە ئاستی نیشانەی ئیزافەدا نەماوە و هەردووکیان پاشگری (-ێت)یان وەرگرتووە . لە ڕوانگەی مۆرفۆلۆژیای دابەشکراوەوە (DM) ئەم دیاردەیە بەم شێوەیە شرۆڤە دەکرێت:

١- هەژارکردنی مۆرفۆلۆژی (Impoverishment): کاتێک گرێی کۆتایی هەڵگری تایبەتمەندیی (کۆ) بێت ، فەرمانێکی مۆرفۆلۆژی دەردەچێت بۆ سڕینەوەی تایبەتمەندیی ڕەگەز . ئەمە وادەکات خانەکە تەنها زانیاریی (کۆ)ی تێدا بمێنێت.

٢- جێگیرکردنی نیشانەی گشتگیر (Default Insertion): دوای سڕینەوەی تایبەتمەندیی ڕەگەز فەرهەنگی مێشکی قسەکەر تەنها یەک دانەی فەرهەنگی (Vocabulary Item) کە نیشانەی (-ێن / -ێت)ە دەستنیشان دەکات بۆ ئەوەی لەو خانەیەدا جێگیر ببێت ، چونکە گونجاوترین نیشانەیە بۆ پڕکردنەوەی خانەی (کۆ) بەبێ ڕەچاوکردنی ڕەگەز .

ئەم پێواژۆیەش ئەوە دەسەلمێنێت کە مۆرفۆلۆژی لەم دیالێکتەدا کار لەسەر بنەمای ئابووریی زمان دەکات. واتە کاتێک تایبەتمەندیی ژمارە (کۆ) ئامادەیە زانیاریی ڕەگەز وەک زیادە دەبینرێت و لە ئاستی نواندنی دەنگیدا (PF) لادەبرێت.

١.٦.٢. شیکردنەوەی مۆرفۆلۆژیای دابەشکراو بۆ هاوشێوەبوونی کۆ لە مۆدێلی مۆرفۆلۆژیای دابەشکراوەوە (DM) هاوشێوەبوونی نیشانەکان لە باری کۆدا بەو مانایە دێت کە خانەی ڕێزمانیی ژمارە (Number Node) هێزێکی زیاتری هەیە لە خانەی ڕەگەز . ئەم باڵادەستییە دەبێتە هۆی ئەنجامدانی پرۆسەی هەژارکردن (Impoverishment) کە تێیدا تایبەتمەندیی [+/- مێ] دەسڕێتەوە کاتێک لەگەڵ تایبەتمەندیی [+Plural] لە یەک گرێی سینتاکسیدا کۆدەبێتەوە (Noyer, 1997).

ئەم یاسایە لە دیالێکتی سەرووودا بەو شێوەیە بەرجەستە دەبێت کە شێوازەی دەنگی (-ێن / -ێت) وەک شێوازەیەکی گشتگیر (Default Item) بۆ باری کۆ جێگیر دەبێت. ئەمەش بە ڕوونی لەم نموونانەدا دەردەکەوێت:

- کوڕێن کورد (نێرینە + کۆ )

- کچێن کورد (مێینە + کۆ )

وەک دەبینرێت مۆرفۆلۆژی پێشوەختە جیاوازیی نێر و مێی سڕیوەتەوە و تەنها یەک نیشانەی بۆ هەردووکیان هێشتووەتەوە. هەرچەندە لە دیالێکتی ناوەڕاستیشدا هەمان ئەنجامی دەنگی بەدی دەکرێت وەک نموونەکانی:

- کوڕانی کورد (نێرینە + کۆ )

- کچانی کورد (مێینە + کۆ )

بەڵام جیاوازییە زانستییەکە لەوەدایە کە لە دیالێکتی ناوەڕاستدا پرۆسەی هەژارکردن لە هەردوو باری ( تاک و کۆ )دا گشتگیرە بەڵام لە دیالێکتی سەروودا ئەم پرۆسەیە تەنها بۆ باری کۆ سنووردار کراوە و لە باری تاکدا زانیارییەکان دەپارێزێت.

ئەم دیاردەیە ئەوە دەسەلمێنێت کە ڕەگەز لە سیستەمی زمانی کوردیدا تایبەتمەندییەکی لاوەکییە (Subordinate Feature) لە چاو تایبەتمەندیی ژمارە . لە ڕوانگەی ئابووریی مۆرفۆلۆژییەوە (Morphological Economy) زمان بۆ هاوسەنگکردنی قورسایی ڕستەکە و ڕێگری لە ئاڵۆزیی زۆری نیشانەکان تایبەتمەندیی ڕەگەز لادەبات کاتێک نیشانەی کۆ ئامادە دەبێت (Bobaljik, 2012). ئەم ستراتیژییە دەبێتە هۆی سادەکردنەوەی پرۆسەی جێگیرکردنی مۆرفیمەکان لە ئاستی نواندنی دەنگدا و کەمکردنەوەی تێچووی ژیری لە کاتی ئاخاوتندا.

## ٢.٧. ڕەگەز لە دۆخی بانگکردندا (Vocative Case) و پرۆسەی جێگیرکردنی نیشانەکان

دۆخی بانگکردن لە زمانی کوردیدا یەکێکە لە زیندووترین کایە مۆرفۆلۆژییەکان کە تێیدا جیاکاریی ڕەگەزی بە ڕوونی بەرجەستە دەبێت. بەپێی بنەماکانی مۆرفۆلۆژیای دابەشکراو (DM)، لە کاتی دروستبوونی گرێی بانگکردن (Vocative Node) لە ئاستی سینتاکسدا، خانەکان بە تایبەتمەندیی [+/- مێ] بارگاوی دەبن و پاشان لە قۆناغی نواندنی دەنگدا (PF) شێوازە دەنگییەکانیان (Vocabulary Items) بۆ جێگیر دەکرێت.

### ٢.٧.١. جیاوازی ڕەگەز لە تاکی بانگکراودا (Singular Vocative) :

لە ئاستی جێگیرکردنی شێوازە دەنگییەکاندا (Vocabulary Insertion)، هەردوو دیالێکتی سەروو و ناوەڕاست وەڵامدانەوەیەکی مۆرفۆلۆژیی بەهێز بەرانبەر تایبەتمەندیی ڕەگەز نیشان دەدەن. ( خۆشناو ) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەم جیاکارییە لە هەردوو دیالێکتەکەدا بە ڕوونی دەردەکەوێت و سیستەمی مۆرفۆلۆژیی زمانەکە بەپێی بارگاوییبوونی خانە سینتاکسییەکان، شێوازە دەنگییە جیاوازەکان دەستنیشان دەکات.

أ. بۆ ڕەگەزی مێینە [Fem+]: لە هەردوو دیالێکتەکەدا شێوازەی دەنگی (-ێ) وەک نیشانەیەکی دیاریکراو جێگیر دەبێت. لە دیالێکتی سەرووودا نموونەکانی وەک (خوشکێ، زینێ، کچێ) و لە دیالێکتی ناوەڕاستیشدا هەمان شێوازە لە (کچێ، دایێ، خوشکێ، بووکێ)دا دەردەکەوێت (عەباس، ٢٠٠٣: ١١١ ) و (خۆشناو، ٢٠١٣: ١٤). تێبینی دەکرێت لە ئێستادا لە ناو دیالێکتی ناوەڕاستدا پرۆسەی هاوشێوەبوون (Syncretism) خەریکە سەرهەڵدەدات و شێوازی (-ە) جێگەی (-ێ) دەگرێتەوە، وەک لە (خوشکە، دایکە )دا دەردەکەوێت. ئەم گۆڕانکارییە ئاماژەیەکی مۆرفۆلۆژییە کە دیالێکتی ناوەڕاست بەرەو هەژارکردنی (Impoverishment) زیاتری ڕەگەز هەنگاو دەنێت.

ب. بۆ ڕەگەزی نێرینە [Fem-]: جیاوازی لە شێوازە جێگیرکراوەکاندا بەدی دەکرێت. لە دیالێکتی سەرووودا شێوازەی دەنگی (-ۆ) جێگیر دەبێت وەک لە (وکوڕۆ، شڤانۆ، هەژارۆ، میڤانۆ) (خۆشناو، ٢٠١٣: ١٣). بەڵام لە دیالێکتی ناوەڕاستدا شێوازەی دەنگی (-ە) جێگیر دەبێت وەک لە (کوڕە، باوکە، خاڵە). تێبینی دەکرێت وشەی وەک (خاڵۆ) وەک شێوازەیەکی پارێزراوی مێژوویی (Archaisms) لە دیالێکتی ناوەڕاستدا مابێتەوە کە هاوشێوەی فۆرمە مۆرفۆلۆژییەکەی دیالێکتی سەرووە.

لێرەدا دەردەکەوێت کە تایبەتمەندیی ڕەگەز لە بنیاتی ژێرەوەدا (Syntax) وەک یەک ئامادەیە، بەڵام لە قۆناغی جێگیرکردنی درەنگوەختدا (Late Insertion)، مۆرفۆلۆژیای هەر دیالێکتێک بەپێی یاسا تایبەتەکانی خۆی نیشانەی دەنگی بۆ جێگیر دەکات.

٢.٧.٢. باری کۆ و هاوشێوەبوونی مۆرفۆلۆژی (Plural Vocative)

بەپێی داتاکانی توێژینەوە ئەکادیمییەکان کاتێک خانەی بانگکردن تایبەتمەندیی کۆ (Plural) وەردەگرێت جیاکاریی ڕەگەز لە هەردوو دیالێکتەکەدا تووشی پرۆسەی هەژارکردن (Impoverishment) دەبێت . ( لە دیالێکتی سەرووودا شێوازەی (-ینۆ) یان کورتکراوەکەی (-نۆ) جێگیر دەبێت وەک لە (برانۆ، کچنۆ ) لێرەدا نیشانەی (-نۆ) بێگوێدانە ڕەگەز بۆ هەردوو ڕەگەزەکە وەک یەک بەکاردێت. سەبارەت بە کۆی بانگکراو، خۆشناو (٢٠١٣: ١٣) ئاماژە بەوە دەدات کە لە دیالێکتی ناوەڕاستدا نیشانەی (-ینە) بۆ هەردوو ڕەگەز وەک یەک بەکاردێت، وەک لە (کوڕینە، کچینە). لە ڕوانگەی مۆرفۆلۆژیای دابەشکراوەوە، ئەمە نموونەیەکی ڕوونی پرۆسەی هاوشێوەبوونە (Syncretism) واتە مۆرفۆلۆژیای زمانەکە لە کاتی کۆدا ، تایبەتمەندیی ڕەگەز دەسڕێتەوە و تەنها یەک شێوازەی دەنگی (Vocabulary Item) بۆ هەردوو خانە نێر و مێینەکە جێگیر دەکات.

لێبوردەیی مۆرفۆلۆژی بەرانبەر ڕەگەز لە باری کۆدا دەیسەلمێنێت کە لە سیستەمی زمانی کوردیدا تایبەتمەندیی ژمارە هێزێکی زیاتری لە تایبەتمەندیی ڕەگەز هەیە. لە ڕوانگەی مۆرفۆلۆژیای دابەشکراوەوە کاتێک ناوەکە دەبێتە کۆ مۆرفۆلۆژی لە ڕێگەی پرۆسەی هەژارکردنەوە ڕێگە بە دەرکەوتنی نیشانەی ڕەگەز نادات و تەنها یەک شێوازەی گشتگیر بۆ خانەی کۆ جێگیر دەکات. ئەمەش جارێکی تر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە جیاکاریی ڕەگەز لە زمانی کوردیدا پێوەستە بە باری تاک و لە کاتی زیادبوونی قورسایی مۆرفۆلۆژی لە باری کۆدا زمان بەرەو سادەکردنەوە و هاوشێوەکردنی نیشانەکان هەنگاو دەنێت.

٢.٨. ڕەگەز لە مۆرفۆلۆژیای بچووککردنەوەدا (Diminutives)

بچووککردنەوەی ناو لە زمانی کوردیدا تەنها بارێکی واتایی نییە بەڵکو پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژییە کە تێیدا مۆرفیمێکی بچووککەرەوە لەگەڵ ڕەگی ناوەکەدا تێکەڵ دەبێت. بەپێی مۆدێلی مۆرفۆلۆژیای دابەشکراو (DM) جیاکاریی ڕەگەزی لەم ئاستەدا لە نێوان هەردوو دیالێکتی سەروو و ناوەڕاستدا جیاوازیی وردی تێدا بەدی دەکرێت. لە دیالێکتی سەروودا مۆرفیمەکانی بچووککردنەوە وەلامدانەوەیەکی تەواویان بۆ تایبەتمەندیی ڕەگەز هەیە. لە کاتی جێگیرکردنی دەنگیدا فەرهەنگی مێشک دوو شێوازەی جیاواز دەخاتە کێبڕکێوە کە بریتین لە شێوازی دەنگی (-ۆ) بۆ ڕەگەزی نێرینە وەک لە (سەعۆ، ڕەجۆ، عیسۆ) و شێوازی دەنگی (-ێ) بۆ ڕەگەزی مێینە وەک لە ( فاتێ ، شانێ ، ئامێ ). لە ڕوانگەی تیۆرییەوە ئەمە ئەوە دەسەلمێنێت کە لە دیالێکتی سەروودا هیچ پرۆسەیەکی هەژارکردن (Impoverishment) لەم بوارەدا ڕووی نەداوە و خانەی ڕەگەز بە تەواوی لە ئاستی نواندنی دەنگدا ڕێز لێگیراوە.

٢.٨.١. ململانێیی هاوشێوەبوون و پاشماوەی جیاکاری لە دیالێکتی ناوەڕاستدا :

لە دیالێکتی ناوەڕاستدا دۆخی مۆرفۆلۆژیای بچووککردنەوە ئاڵۆزترە و نیشانەی گۆڕانکارییەکی بەردەوامە . لێرەدا پرۆسەی هاوشێوەبوون (Syncretism) وادەکات مۆرفیمی (-ە) وەک شێوازێکی گشتگیر (Default Item) بۆ هەردوو ڕەگەز جێگیر ببێت وەک لە (حەمە، ڕەشە) بۆ نێر و (نەرە ، خەجە) بۆ ( مێ )ئەمەش ئەنجامی پرۆسەی هەژارکردنە کە جیاکاریی ڕەگەز لە ئاستی دەنگدا دەسڕێتەوە . بەڵام تێبینی دەکرێت کە مۆرفیمی (-ێ) وەک پاشماوەیەکی مۆرفۆلۆژی (Morphological Residue) هێشتا بۆ مێینە پارێزراوە وەک لە (شانێ، بەهێ، ئایشێ). ئەم دیاردەیە لە مۆدێلی DMدا بەوە شیکار دەکرێت کە دیالێکتی ناوەڕاست لە قۆناغی گواستنەوەدایە ، لە کاتێکدا شێوازی (-ە) وەک مۆرفیمێکی کەمتر-دیاریکراو خەریکە هەموو خانەکان داگیر دەکات بەڵام شێوازی (-ێ) وەک مۆرفیمێکی مێژوویی هێشتا لە هەندێک خانەی دیاریکراوی مێینەدا جێگیر دەبێت.

ئەم بەراوردکارییە دەیسەلمێنێت کە دیالێکتی ناوەڕاست ڕەگەزی بە تەواوی لەدەست نەداوە بەڵکو مۆرفۆلۆژیاکەی خەریکە پرۆسەی ئاسانکردن (Simplification) ئەنجام دەدات. مانەوەی نیشانەی (-ێ) بۆ مێینە لە ناو دیالێکتی ناوەڕاستدا باشترین بەڵگەیە کە لە ئاستی بنیاتی ژێرەوەدا هێشتا خانەی ڕەگەز ئامادەیە و تەنها لە ئاستی نواندنی دەنگدا تووشی جۆرێک لە هاوشێوەبوونی نیشانەکان بووە. ئەمەش جارێکی تر جەخت لەسەر ئەو بنەمایە دەکاتەوە کە جیاوازیی نێوان دیالێکتەکان تەنها لە کارگەی دەنگدایە نەک لە نەخشەی ژێریی زمانەکەدا.

٢.٩. ڕەگەز لە سیستەمی جێناوەکاندا (The Pronominal System)

تایبەتمەندیی ڕەگەز لە سیستەمی جێناوەکانی زمانی کوردیدا، جیاوازییەکی ڕیشەیی لە نێوان دیالێکتەکاندا نیشان دەدات. ئەم جیاوازییە بوارێکی فراوان بۆ شیکاریی مۆرفۆلۆژیای دابەشکراو (DM) دەڕەخسێنێت، بەتایبەت لە چەمکی هاوشێوەبوونی مۆرفۆلۆژی (Syncretism) و پرۆسەی هەژارکردن (Impoverishment).

خۆشناو (٢٠١٣: ١٣) ئاماژە بەوە دەدات کە لە ئاستی جێناوە کەسییە سەربەخۆکاندا دیالێکتی سەروو جیاوازی لە نێوان ( نێر و مێ )دا دەکات، وەک لە جێناوەکانی (ڤی/وی) بۆ نێر و (ڤێ/وێ) بۆ مێ ، بەڵام لە دیالێکتی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا تەنها یەک فۆرمی گشتگیر وەک (ئەو) بۆ هەردوو ڕەگەز بەکاردەهێنێت. ئەم جیاوازییە لە جێناوە نیشانە نیشانەییەکانیشدا (جێناَی نیشانە) بە ڕوونی دەردەکەوێت. بۆ نموونە : لە کرمانجی سەروودا بۆ ئاماژەدان بە کەسی نزیک دەوترێت: (ئەڤە پسمامێ منە - ئەڤە هەڤالێ منە ) بۆ نێر و (ئەڤە خوشکا منە) بۆ مێ، بەڵام لە کرمانجی ناوەڕاستدا بۆ هەردوو بارەکە تەنها (ئەمە/ئەو) بەکاردێت.

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر لەسەر ئەم جیاوازییە ، عەباس (٢٠٠٣: ١١١) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەم جیاوازییانە لە دۆخی ناڕاستەوخۆدا دەگەنە لوتکە. هەروەها نموونەکانی خۆشناو (٢٠١٣: ١٧) ئەم ڕاستییە پشتڕاست دەکاتەوە ، کاتێک بەراوردی جێناوەکانی (دوور و نزیک) دەکات لە نێوان هەردوو ڕەگەزی نێر و مێدا:

- نزیک (نێر): (ڤی- ئەڤی) خوارن چێکر) بەرانبەر نزیک (مێ): (ڤێ (ئەڤێ ) خوارن چێکر).

- دوور (نێر): (وی - ئەوی ) چیرۆک نفیسی) بەرانبەر دوور (مێ): (وێ - ئەوێ ) چیرۆک نفیسی).

بەڵام لە دیالێکتی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا ، لە هەموو ئەم خانە مۆرفۆلۆژییانەدا تەنها جێناوی (ئەو) یان (ئەم) جێگیر دەکات. لە ڕوانگە و تێڕوانینی تیۆری DM-ەوە، ئەمە بەو واتایە دێت کە لە دیالێکتی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا پرۆسەی هەژارکردنی مۆرفۆلۆژی (Impoverishment Rule) لە پێش قۆناغی جێگیرکردنی دەنگیدا (PF) ڕوودەدات. بەمجۆرە ئەم یاسایە تایبەتمەندیی ڕەگەز لەسەر جێناوەکە دەسڕێتەوە . ئەمەش وادەکات مۆرفۆلۆژیای ناوەڕاستی زمانی کوردی شێوازێکی ( گشتگیر - Default Item) کە (ئەو)ە بۆ داپۆشینی هەردوو خانە ( +/- مێ ) بەکاربهێنێت. ئەم نموونانە دەیسەلمێنن کە ڕەگەز وەک تایبەتمەندییەکی ئەبستراکت لە سینتاکسدا ئامادە بوونی هەیە ، بەڵام پێواژۆی هەژارکردن ڕێگرە لەوەی لە ئاستی دەنگدا بە شێوەی جیاواز دەربکەوێت.

ئەنجامی توێژینەوە

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا کە بە پشتبەستن بە بنەماکانی تیۆری مۆرفۆلۆژیای دابەشکراو (DM) ئەنجام درا ئەم ئەنجامە زانستییانەی خوارەوە بەدەست هاتن:

یەکەم : جیاوازیی نێوان دیالێکتی ناوەڕاست و دیالێکتی سەروو لە ڕووی ڕەگەزەوە جیاوازییەکی بنەڕەتی نییە لە ئاستی بنیاتی ژێرەوە یان نەخشەی سینتاکسیدا ، بەڵکو تەنها لە ئاستی نواندنی مۆرفۆلۆژی (PF Interface) دایە. دیالێکتی ناوەڕاست لە ڕێگەی پرۆسەی هەژارکردن (Impoverishment) نیشانە دەنگییەکانی لە ئاستی دەرەوەدا سڕیوەتەوە، لە کاتێکدا دیالێکتی سەروو وەک سیستەمێکی پارێزگار تایبەتمەندییەکانی لە ئاستی دەنگدا هێشتووەتەوە.

دووەم: دیاردەی هاوشێوەبوون (Syncretism) وەک لە نیشانەی ئیزافە و جێناوەکانی دیالێکتی ناوەڕاستدا بەدی دەکرێت . نیشانەی تیاچوونی ڕەگەز نییە بەڵکو گەشەکردنی مۆرفۆلۆژیای زمانەکەیە بەرەو سادەبوون و پەیڕەوکردنی پرۆسەی ئابووریی مۆرفۆلۆژی (Morphological Economy). بوونی پاشماوەی نیشانەی (-ێ) لە بچووککردنەوە و بانگکردنی مێینەدا باشترین بەڵگەیە کە خانەی ڕەگەز لە مێشکی ئاخێوەری کورددا هێشتا چالاکە و تەنها لە هەندێک خانەی دەنگیدا دەشاردرێتەوە.

سێیەم : زمانی کوردی خاوەنی بنیاتێکی ڕەگەزیی یەکگرتووە بەڵام دابەشبوونی دیالێکتەکان وای کردووە هەر یەکەیان بە ستراتیژیی جیاواز مامەڵە لەگەڵ بەرجەستەکردنی تایبەتمەندییەکاندا بکەن . لەو شوێنانەی دیالێکتی ناوەڕاست تووشی هەژارکردنی نیشانەکان بووە زمان پەنای بۆ ستراتیژیی قەرەبووکردنەوە بردووە لە ڕێگەی پێشگرە فەرهەنگییەکانی وەک (ما) و (نێر) بۆ پاراستنی زانیارییە ڕەگەزییەکان ئەمەش نیشانی دەدات کە ناسنامەی ڕەگەز لە فەرهەنگی مێشکدا جێگیرە و تەنها شێوازی دەربڕینەکەی لە نێوان ( نیشانەی مۆرفۆلۆژی )و ( وشەی فەرهەنگی )دا دابەش بووە.

**لیستی سەرچاوەکان :**

لیستی سەرچاوە کوردییەکان (Kurdish References)


١- خۆشناو، نەریمان عەبدوڵڵا (٢٠١٣). ڕێزمانی کوردی: کرمانجی ناوەڕاست و کرمانجی سەروو. هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٢٥٦).

٢ - کریم، ئاسۆ عبدالرحمن (٢٠١٨). ناو و جۆرەکانی ناو لە پرۆگرامی بازنەی سێیەمی خوێندنی بنەڕەتیدا. گۆڤاری زانکۆی کەرکوک بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەرگی (١٣)، ژمارە (٢).

٣ - ساڵح، شاڵاو عەبدوڵڵا (٢٠٢٠). دروستەی وشە لە زمانی کوردیدا بەپێی مۆرفۆلۆژیای دابەشکراو (نامەی ماستەر). زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان.

٤ - سەعید، سازان زاهیر (٢٠١٣). مۆرفیمە داڕێژەکانی بچووککردنەوە و ناسکی لە سازکردنی وشەی نوێدا. هەولێر: ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٢٢٦).

٥- عەباس، لەیلا جەلیل (٢٠٠٣). نێر و مێ لە زمانی کوردیدا (بە کەرەستەی کرمانجیی ژووروو و خواروو) (نامەی ماستەر). زانکۆی بەغداد، کۆلێژی پەروەردە ئیبن ڕوشد.

٦- مارف، ئەورەحمانی حاجی (١٩٧٩). ڕێزمانی کوردی: مۆرفۆلۆژی. بەغداد: دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی.


سەرچاوە بیانییەکان :

7 _ Acquaviva, P. (2009) 'The Roots of Nominal Classes: From Surface Inflection to Underlying Structure', Lingue e Linguaggio, .8(1), pp. 3–28

8- Bobaljik, J. D. (2002) 'Syncretism without Underspecification: The Role of Impoverishment in Dialect Variation', Yearbook of .Morphology, pp. 53–85

9 _ Bobaljik, J. D. (2008) 'Where's Morphology? Info and Agreement', in Agreement Systems. Amsterdam: John Benjamins. .pp. 1–31

10 _ Bobaljik, J. D. (2012) Universals in Comparative Morphology: Suppletion, Superlatives, and the Hierarchy of .Inflection. Cambridge, MA: MIT Press

Corbett, G. G. (1991) Gender. Cambridge: Cambridge University Press

11 - nEmbick, D. (2010) Localism versus Globalism in .Morphology and Phonology. Cambridge, MA: MIT Press

12 - Embick, D. and Noyer, R. (2007) 'Distributed Morphology and the Syntax-Morphology Interface', in Ramchand, G. and Reiss, C. (eds.) The - Oxford Handbook of Linguistic Interfaces. Oxford: .Oxford University Press. pp. 289–324

13 - Fattah, I. S. (2000) Les Dialectes Kurdes Méridionaux: Étude .Linguistique et Dialectologique. Louvain: Peeters Publishers

14 - Halle, M. (1997) 'Distributed Morphology: Impoverishment and Syncretism', in Akamatsu, T. et al. (eds.) Lowering and .Raising. Amsterdam: John Benjamins. pp. 425–449

15 - Halle, M. and Marantz, A. (1993) 'Distributed Morphology and the Pieces of Inflection', in Hale, K. and Keyser, S. J. (eds.) The View from Building 20. Cambridge, MA: MIT Press. pp. 111–.176

16 - Halle, M. and Marantz, A. (1994) 'Some Key Features of Distributed Morphology', MIT Working Papers in Linguistics, 21, .pp. 275–288

17 - Harley, H. (2014) 'On the Identity of Roots', Theoretical .Linguistics, 40(3-4), pp. 225–276

18 - Harley, H. and Noyer, R. (1999) 'Distributed Morphology', Glot .International, 4(4), pp. 3–9

19 - Kramer, R. (2015) The Morphosyntax of Gender. Oxford: .Oxford University Press

20 - Kramer, R. (2016) 'The Morphosyntax of Gender and Number', The Oxford Handbook of Morphosyntax. Oxford: Oxford .University Press. pp. 101–125

21 - Noyer, R. (1997) Features, Hierarchy and Affixal Locus. New .York: Garland Publishing

22 - Siddiqi, D. (2009) Syntax within the Word: Economy, Binarity, and Features in Distributed Morphology. Amsterdam: John .Benjamins

23 - Thackston, W. M. (2006) Kurmanji Kurdish: A Reference Grammar with Selected Readings. Cambridge, MA: Harvard University